# نامەیەکی درەنگوەخت بۆ مەلایەکی سەرسەخت

حەمەسەعید حەسەن

لە بیرمە جارێکیان فەرموو بووت: ‹ژن دوو جۆرە: یان سفوورە و وەک تەکسی بۆ هەمووان دەوەستێ تا سواری بن، یان خۆی پێچاوەتەوە و وەک ماشێنی تایبەتی، تەنیا مێردەکەی دەتوانێ سواری ببێ.›

دەزانی لە مێژە سەرەتە شتێکت لەسەر بنووسم، وەلێ هەمیشە کەسێ کە نیو هێندەی تۆ شیاوی بەسەرکردنەوە نەبووە، نۆرەبڕی لێ کردووی. ماڵی زمکەریا ئاوا بێ، فایلە تۆز لێنیشتووەکەتی تەکاند و لەبەر دەممدا قوتی کردەوە.

ئەو لاوانەی بە ئەفسوونی گۆرانییەکانی زمکەریا دەرەقسن، بە زوڕنای فەرموودەی تۆ هەڵناپەڕن. سەری فەرمایشتی خۆت بە تاوێردا مەدە. بۆ ئەوانە بدوێ، کە بە تامەزرۆییەوە، گوێت بۆ ڕادەدێرن، نەک بۆ ئەوانەی بە گوێزژمێرت دەزانن. زمکەریا دەرۆزەی سۆزی هیچ گوێگرێکی تۆ ناکا، دەبا باڵای نەفسی تۆش ئاوا بڵند بێ.

بیست ساڵە لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەم و چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە، لەو ماوە درێژەدا فێری ئەوە بووم: مامۆستا نابێ ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری زارۆک بکات و نووسەریش نابێ ڕاستەوخۆ نەریتی جوان پیشانی منداڵ بدات.

هەیە گەر عەشقی سەرداری لە سەرتا
بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەر دار.

خۆت درۆ مەکە، منداڵ فێری ڕاستگۆیی دەبێ. خۆت دەستت پاک بێ، هاوڕێت دزیت لێ ناکا. خۆت سەنگەری پێشەوە لە دوژمن بگرە، پێشمەرگەت سڵ لە هێرشبردن ناکاتەوە. دەقی جوان بنووسە، بەیاننامەی ئەدەبی دادت نادا.

تا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پتر دژی کۆچی لاوان بنووسن و بڵێن، لافاوی کۆچ بەگوڕتر دەبێ. تا تۆش پڕوپاگەندەی بەد دژی زەکەریا بڵاو بکەیەوە، لاوان لەو نزیکتر و لە خۆت دوورتر دەخەیەوە. شمشێرە دارینەکەت لە ژێر بالیفەکەتدا بخەوێنە و ڕۆمانەکەی سێرڤانتس بخوێنەوە، بزانە گەلێ لایەنی هاوبەش لە نێوان خۆت و ‹دۆنکیخۆت›دا نابینییەوە؟

هێشتا هیچ مەینۆشێ لە بڵندگۆیەکەوە، باسی لایەنە گەشەکانی عارەق خواردنەوەی نەکردووە، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵای ژمارەی عارەقنۆشان هەڵدەکشێ. هێشتا کەس لە قومارچییەکی نەژنەوتووە، لەسەر سەکۆیەکەوە بە باڵای قوماردا هەڵبڵێ، کەچی کۆڕی قوماربازان هەر گەرمتر دەبێ.

ئەوانەی ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن، پێویستیان بە مۆچیارییە. ئەوانەی سووک سەرنجی عەقڵی خەڵکی دەدەن، عەقڵیان سووکە. ئەوانەی ڕێی ڕاستمان پیشان دەدەن، خوار دەڕۆن. ئەوانەی لێ ناگەڕێن لاوان کۆچ بکەن، خۆیان هاووڵاتی ئەورووپایین و کەسوکاریان لە هەندەرانە. ئەگەر دەتەوێ خوێنی خۆت تاڵتر بکەی، سەرومڕ نەک تەنیا سەروەختی نوێژی هەینی، ئامۆژگاری ببەخشەوە!

شێخێ ‹هونەرمەندێکی› ئەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جەواب و وتی تۆ حەقتە فەقەت من
قوتتاعی تەریقم، نەکوو قوتتاعی تەریقەت.*

2001. 07. 24

* شیعرەکان فەرموودەی حەزرەتی ‹مەحوی›ن.